# بڕیارماندا کە.......

هەموو کەس بەپێی ئاستی لێپرسراوێتیی خۆی، ئەتوانێت بڕیار بدات سەبارەت بەژیانی خۆی، کەسوکاری، خێزان و منداڵەکانی (ئەگەر خێزاندار بێت)، دوکانەکەی، کاسپیەکەی، بەردەست و موچە خۆرەکانی، فەرمانگەکەی، پارتەکەی، شارەکەی، حکومەت و وڵاتەکەی، میلەتەکەی.

بەڵام گرنگ بڕیاردانەکە نییە، هێندەی گرنگە ئەو بڕیارە چەند بە بەرنامە دراوە.

هەندێك بڕیار پێویستی بەبیرکردنەوەیەکی کورت هەیە، هەندێك بڕیاری تر پێویستی بەبیرکردنەوەی قوڵ هەیە، هەندێکی تر پێویستی بە بیرکردنەوە و راوێژکردن، و بڕیاری واش هەیە پێویستی بەهەموو ئەوانەی پێشوو ئینجا بەرنامەدانان و ئاینده بینی ورد و تەنانەت راپرسیی و ریفراندۆمی گشتیی هەیە.

مەترسیدارترین بڕیار ئەو بڕیارەیە، کە لەکاتی تووڕەیی و هەڵچوون و کاردانەوەدا ئەدرێت، و لەوەش مەترسیدار تر ئەوەیە، کەئەو بڕیارە پەیوەست بێت بەچارەنوس و ژیانی خەڵکەوە.

باوکێك بێ بیر کردنەوە بڕیارێك ئەدات، و رەوتی ژیانی کوڕ یا کچەکەی، یا منداڵەکانی بەتەواوی ئەگۆڕێت، ئێ دواییش لێپرسینەوە نییە و تازە پەشیمانیش داد نادات.

سەردەمێك ئەو باخی گشتییەی شاری سلێمانی، زەلالەتی بوو بەدەست شورا و دیوار بۆکردن و لابردنی و موحاجەرە لەدەوردانی و لابردنی. دەوروبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتن (خەستەخانەی جامعە) گرفتاری دیوار و دەرگە بۆدانان و لابردنی بوو.

هەر لەم سلێمانییەدا، سەدان وێستگە (مەوقیف)ی پاس دانرا. تۆ واز لەوە بێنە وا ٢٠ ساڵە پاس (ئۆتۆبیس)، نەحکومی و نەئەهلی لەکوردستاندا نەماوە، هەندێك لەو مەوقیفانە لە شوێن و شەقامی وادا دانراوە کە ئەوەتی هەیە هیچ هێڵێکی پاسی بەسەرەوە نەبووە و نییە. واز لەوەش بێنە کە زۆربەیان لەلایەن خەڵکەوە شکێنراون، خۆ ئەکرا بەو پارەیە (وەك بیستومە هەریەك وێستگە لە ٥بۆ ٧ هەزار دۆلاری تێچووە!) دەیان پاس بکڕن و بیخەنە گەڕ و ئەوسا بیر لە مەوقفەکەشی بکەنەوە.

بڕیار دراو و درایەوە هەڵەبجە بکەن بەپارێزگە، (قسەکەیان خستووەتە سەردەمی خەڵك و لەزۆر بۆنەشدا بەڵێنەکە دووپات ئەکەنەوە و خەڵکیش وا ئەزانن کەبوو بەپارێزگە، ئیتر کێشەی نامێنێت) بەڵام کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە کە هەڵەبجە شارێکی سنوورییە، قەزاو ناحیە، تەنانەت گوندی گەورەشی لەدەورنییە، زۆرینەی گوندەکانی سەر بەوشارە چۆڵ یا مەیلە و چۆڵن. ئەکرێت بەو بودجەیەی لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا بۆ بیناو خانووی فەرمانگەکانی پارێزگە خەرج ئەکرێت، نەك جارێك، دووجار هەڵەبجەی پێ بکرێت بە بەهەشت.

بڕیار ئەدرێت سیستەمی پەروەردە سەراوبن بگۆڕێت. تۆ لەوە گەڕێ کەهێشتا مامۆستاکانیش لەسیستەمی نوێ نازانن، بەڵام شێواز و پێکهاتەو ژمارەی خوێندنگەکانی ئێستای کوردستان بەکەڵکی سیستەمێکی نوێ دێت؟ ئەو چەندین ملیار دینار (نازانم دۆلارە یا دینار)ەی نێردرایە دەرەوە بۆ چاپکردنی کتێبە تەرجەمە سەقەتەکان، بەشی دروستکردنی بینای دەیان قوتابخانەی پێویستی نەئەکرد؟

بڕیار ئەدەن چەندین زانکۆی تر لەکوردستاندا دروست بکرێت، تۆ ئەوە لەبیر خۆت بەرەوە، کەلەوانەیە هەموو کوردستان تەنیا بەشی یەك یا دوو زانکۆی باش ئوستاد و ئەکادیمی هەبێت، ئەوەشی لێدەرکە کە زۆر لەدەرچووانی زانکۆ دانامەزرێن یا کاری پسپۆڕییەکەی خۆیان دەست ناکەوێت. بەڵام لەجێی ئەوە باشتر نییە جارێ ئەم زانکۆیانەی ئێستا هەمانە، لەناوەندێکەوە کەتەنیا بڕوانامە ئەبەخشێتەوە، بکەنە ناوەندێکی زانستیی و ئەکادیمی راستەقینە؟ یا باشتر نییە کارێك بکەن زانکۆ بەپێی پێویستیی ئابووری و پیشەیی کشتوکاڵیی و زانستی کوردستان خوێندکار پەروەردە بکات؟

ئەوانە نمونەی سەدان و هەزاران بڕیاری ترن کە لەم وڵاتەدا دراون و ئەدرێن و کەسیش زەحمەتی ئەوە ناخاتە بەرخۆی کە بزانێت ئەنجامی چەند بڕیار لەو بڕیارانە، لەشوێنی خۆیاندا بوون!